# ژیانی ڕاستەقینە

## دوو رێگا بۆ ژیان



جۆزێف کاڕۆڵ

# ژیانی ڕاستەقینە

## دوو رێگا بۆ ژیان

نووسەر: جۆزێف کاڕۆڵ

جۆزێف کاڕۆڵ یەکێکە لە

پیرەکانی کڵێسای ئیمانوێلی ئینجیلی لە هەولێر

زۆربەی ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەیە لە کتێبی "دوو ڕێگا بۆ ژیان" وەرگیراوە، لە نووسینی ماتیاس میدیا. بەڵام لەم نامیلکەیەدا هەوڵدراوە ناوەڕۆکەکەی بگونجێندرێت لەگەڵ چوارچێوەیەکی کوردیانە.

The English translation of this book can be found at this QR code

هەموو ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز لە چاپی کتێبی پیرۆز
وەشانی کوردیی سۆرانی ستاندەر (KSS) وەرگیراوە. مافی
چاپکردنی لە لایەن ڕێکخراوی بلیکاوە پارێزراوە
(١٩٩٨، ٢٠١١، ٢٠١٦، ٢٠٢٠).

٢٠٢٦ چاپکراوە لە هەولێر

دڵسۆزی

دابینکردنی سەرچاوە بۆ یارمەتیدانی باوەڕداران و کڵێساکان
بۆ ژیان بە دڵسۆزی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز

# ناوەڕۆک


١. گەورەترین پرسیار لە ژیان.......................................4

٢. خودا - فەرمانڕەوا و بەدیهێنەری خۆشەویست...........7

٣. یاخیبوونمان لە خودا ..............................................10

٤. خودا - دادوەرە دادپەروەرەکە...................................15

٥. شەریعەت و ماندووبوونمان ......................................19

٦. عیسا - خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە ..........................26

٧. عیسا زاڵبوو بەسەر گوناە و مردن ............................31

٨. دوو ڕێگاکە................................................................34

٩. چۆن وەڵامی دیاری رزگاربوون بدەیتەوە......................42

١٠. دواتر چی دێت؟.......................................................49

١١. سەرچاوەی تر...........................................................55

١٢. ئایەتی زیاتر بۆ ڕوونکردنەوە.....................................56



# ١. گەورەترین پرسیار لە ژیان

لەم ژیانەدا مرۆڤەکان بۆ مەبەستی جیاواز دەژین، هەندێکیان بۆ پارە، بۆ ناوبانگ، بۆ خۆشی. بەڵام ئەی تۆ؟ بۆ چ مەبەستێک دەژیت؟ ڕەنگە تۆ تەنها بەدوای ژیانێکی خۆشدا بگەڕێیت، یان خانوویەکی نایاب بکڕیت یان ئۆتۆمبێلێکی جوانت هەبێت. بەڵام ئایا ژیان بریتییە لە هەبوونی موڵک وماڵی زۆر؟ ئایا بەڕاستی ئەم شتانە ڕازیت دەکەن؟ عیسا دەفەرموێ: «چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت؟» بە واتایەکی تر، لەم دونیایەدا، ئەگەر ژیانێکی خۆش بەدەست بهێنیت، ئەگەر کارێکی باشت هەبێت، و خێزانێکی بەختەوەرت هەبێت، بەڵام لەگەڵ خودادا ئاشتیت نەبێت و گوناهەکانت نەبەخشرابن، لە کۆتاییدا چیت دەستدەکەوێت؟ هیچ!

کەواتە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ژیانی ڕاستەقینە، دەبێت ژیانمان لەژێر ڕۆشنایی خودا و هەتاهەتاییبوون لەبەرچاو بگرین. بەڵام ئەمە ئاسان نییە و قورسە، چونکە ڕۆژەکان بە خێرایی دێن و دەڕۆن و ژیانمان پڕ دەکەن لە کێشە و بارگرانی، ئەمەش هێز و سەرنج و توانامان بۆ لای خۆی دەبات. با بپرسم کە ڕووبەڕووی چ کێشەیەک بوویتەوە؟ ئایا هەست بە تەنیایی و بێهیوایی دەکەیت؟ دڵت بەهۆی ئازارەکانی ژیانتەوە شکاوە و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرکردن دەدەیت؟

هاوڕێکەم، هیچ شتێک لەم دونیایەدا ناتوانێت ئارامی و پشودانی ڕاستەقینە پێشکەش بە ڕۆحی بارگرانمان بکات. بەڵام عیسا هات بۆ ئەوەی مژدەی هیوایەکی گەورە ڕابگەیەنێت بۆ هەموو ئەوانەی ماندوون و بارگرانن. عیسا هیوات پێدەبەخشێت. عیسا فەرمووی: "ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، وەرن بۆ لام، من دەتانحەسێنمەوە." هەموومان باری گرانی ئەم ژیان و جیهانە تێکشکاوە و باری گرانی گوناهەکانمان

هەڵگرتووە. بەڵام خودا ئێمەی خۆشدەوێت و دوور نییە لێمان. عیسا هاتووە بمناحەسێنێتەوە و شەرمەزاری و باری تاوانی گوناهەکانمان لاببات. خۆشەویستی خودا بۆ تۆ لە ڕێگەی عیساوە دەبینرێت. لە ڕێگەی عیسا دەتوانی ئاشتی لەگەڵ خودا بدۆزیتەوە و ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنیت. لە ڕێگەی عیسا دەتوانیت ئامانجی ڕاستەقینە لە ژیاندا بدۆزیتەوە. لە ڕێگەی عیسا دەتوانیت هیوات هەبێت لەو کاتەدا کە ڕووبەڕووی بارگرانی و گوناهەکانت دەبیتەوە.

ئەم کورتە نامیلکەیە باس لە مزگێنی عیسای مەسیح دەکات بەپێی کتێبی پیرۆز. ئەم مزگێنییە خۆشەی عیسا بۆ تۆیە. تکایە چەند خولەکێک تەرخان بکە و ئەم نامیلکەیە بخوێنەوە بۆ وەڵامدانەوەی گەورەترین پرسیارت لە ژیاندا، "چۆن بتوانم ڕۆحم بحەسێنمەوە و ئاشتی لەگەڵ خودا و هیوای ژیانی هەتاهەتایی بدۆزمەوە؟"



# ٢. خودا - فەرمانڕەوا و بەدیهێنەری خۆشەویست

کتێبی پیرۆز دەفەرموێت...

ئەی خودای پەروەردگارمان، تۆ شایانی ئەوەی شکۆ و ڕێز
و توانا وەربگریت، چونکە تۆ هەموو شتێکت بەدیهێناوە،
بە خواستی تۆش هەن و بەدیهێنران.
ئاشکراکردن ٤: ١١

کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە تەنها یەک خودا هەیە. ئاسمان و زەوی بە کون فەیەکون'ێک دروست کردووە. ئەو پەروەردگار و پاشای هەموو شتێکە کە بوونی هەیە. خودایەکی کامڵە و پڕە لە خۆشەویستی و میهرەبانی و دادپەروەری.

خودا فەرمانڕەوای هەموو شتێکە چونکە هەموو شتێکی دروست کردووە. شایەنی هەموو پەرستن و

ستایشێکی ئێمەیە. ئەو بڕیار دەدات کە چی باش و چی خراپە. ئەم جیهانە هی خودایە. ئەو دروستی کردووە، ئەویش خاوەنیەتی.

خوداش ئێمەی دروست کردووە. خودا مرۆڤایەتی دروست کردووە، و شوێنێکی تایبەتی لە جیهانی باشی خۆیدا پێبەخشین. لەسەرەتادا ئادەم و حەوای دروست کردوو و لە باخچەی عەدەن داینان و بەرەکەتی پێ بەخشین. خودا دروستی کردن بۆ ئەوەی بیناسن و ستایشی بکەن و بۆ هەمیشە لەگەڵیدا بژین. ئەوان دەبووایە ڕێز لە خودا بگرن و گوێڕایەڵی بن و بەپێی فەرمان و ویستەکانی خودا بایەخ بە جیهانەکەی بدەن. لە سەرەتاوە ئادەم و حەوا ژیانێکی پڕ لە ئاشتی تەواوەتیان هەبوو لەگەڵ خودا و لەگەڵ یەکتریش لە جیهانێکی تەواودا. هیچ گوناهێک نەبوو. هەموو شتێک باش بوو.

**پوختە**

- خودا ئەم جیهانەی درووستکرد
- خودا فەرمانڕەوای جیهانە
- بۆ ئەوە درووستی کردووین تا بیناسین، بیپەرستین، ستایشی بکەین و ژیانێکی هەتاهەتایی پڕ لە ئاشتیمان هەبێت لەگەڵی

**خودا شتەکانی بەم شێوەیە دروست کردووە. بەڵام دیارە کە ئەم جیهانە و مرۆڤایەتی تووشی خراپەکاری بووە. بۆ ئەمە ڕوویداوە؟**



# ٣. یاخیبوونمان لە خودا

کتێبی پیرۆز دەفەرموێت...

لەبەر ئەمە، چۆن لە ڕێگەی مرۆڤێکەوە گوناه هاتە جیهان، لە ڕێگەی گوناهیشەوە مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد.

ڕۆما ٥: ١٢

هەموو ئەو خراپە و گەندەڵیەی کە لە ژیانتدا و لە دونیادا دەیبینیت، دەرئەنجامی گوناهە. بەڵام پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە چۆن گوناه هاتە جیهان؟ کاتێک خودا جیهانی دروست کرد، دوو درەختی تایبەتی دانا لە باخچەی عەدەن، درەختی ژیان و درەختی زانینی چاکە و خراپە. خودا بە ئادەم و حەوای فەرموو کە ئازادن لە خواردنی میوەی هەموو درەختەکان جگە لە میوەی درەختی زانینی چاکە و خراپە.

بەڵام شەیتان لە باخچەکەدا لەسەر شێوەی مار هاتە لایان و فریوی دان. ئادەم و حەوا سەرپێچی فەرمانی خودایان کرد و لە میوەی درەختە قەدەغەکراوەکەیان خوارد. ئەوان لە خودا یاخی بوون بە بڕیاردان بەوەی کە بە شێوازی خۆیان بژین نەک بە شێوازی خودا. بەمەش نەفرەتی گوناهیان خستە سەر خۆیان. شەرمەزار بوون و پەیوەندی ئاشتیانەیان لەگەڵ خودا و یەکتریشدا لەدەستدا. بەهۆی فەرمان شکاندنی ئەوانەوە گوناە و مردن هاتە ناو جیهانەوە.

بوونی گوناە لەم جیهانەدا ڕوونە. وانیە؟ هەموو مرۆڤەکان گوناە دەکەن. تەنها سەیری دەوروبەرت بکە، ئایا کەسێک دەناسیت تەواو و بێ کەموکوڕی بێت؟ نەخێر تەنانەت پێغەمبەرانیش گوناهیان کردووە. کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە نوح سەرخۆش بووە و نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێن داود داوێنپیسی لەگەڵ بەتشەبەع کردووە و دواتریش مێردەکەی کوشتووە.

کتێبی پیرۆز ڕاست دەکات کاتێک دەڵێت هیچ کەسێکی باش بوونی نییە، تەنانەت یەک کەسیش نییە.

ئەمە تۆش دەگرێتەوە. بە ویست و ئارەزووی خۆتەوە لە خودا یاخی بوویت. مرۆڤەکان هەوڵدەدەن ژیانی خۆیان بەپێی ئارەزووەکانیان بەڕێوەببەن بەبێ ئەوەی گرنگی بە خودا بدەن، بەڵام ئەنجامەکەی ئەمە چییە؟ خێزانی تێکشکاو و گەندەڵی و شەڕ و دڵی شکاو. هەموو نادادپەروەری و کردەوەیەکی خراپ و ئازارەکانی ژیانمان لەو دونیایەدا دەرئەنجامی ڕەتکردنەوەی خودا و فەرمانڕەوایەتیەکەیەتی لە ژیانماندا.

لەوانەیە بڵێیت: "من ئەوەندە خراپ نیم، هیچ گوناهێکی گەورەم نەکردووە، هیچ کەسێکم نەکوشتووە، داوێنپیسیم نەکردووە." ڕەنگە بە بەراورد بەوانی تر تۆ ئەوەندە خراپ نەبیت. بەڵام خودا بەراوردمان ناکات بە کەسانی تر. ئەو لەسەر بنەمای یاسا و پێوەرە تەواوەکەی خۆی حوکممان دەدات.

هەروەها خودا تەنها حوکم لەسەر کارەکانت نادات، بەڵکو حوکم لەسەر بیرکردنەوە و نیەتەکانی دڵیشت دەدات. عیسا فەرموویەتی، "ئەگەر بە هەوەسبازییەوە سەیری ئافرەتێک بکەیت، ئەوا لە دڵی خۆتدا داوێنپیسیت لەگەڵ کردووە." هەروەها عیسا فەرموویەتی "چونکە لە ناوەوە، لە دڵی مرۆڤەوە، بیری خراپ دەردەچێت: بەدڕەوشتی، دزی، کوشتن، داوێنپیسی، چاوچنۆکی، خراپەکاری، هەڵخەڵەتاندن، بەڕەڵایی، چاوپیسی، کفر، لووتبەرزی، گێلی. هەموو ئەم خراپانە لە ناخی مرۆڤەوە دەردەچن و گڵاوی دەکەن." ئەوە دەبینیت، گەورەترین کێشەت لە ژیاندا ئەوەیە کە دڵێکی گوناهبارت هەیە.

بیر لە یاخیبوونی خۆت لە خودا بکەوە. بیر لە هەموو بیرێکی خراپ و تەماح و شەهوەتەکانت بکەوە. ئایا لە خودا یاخی بوویت و فەرمانەکانیت شکاندووە؟ ئینجیل دەڵێت، "ئەوەی هەموو شەریعەت بەجێبهێنێت، بەڵام تەنها بەندێکی بشکێنێت، ئەوا لە هەمووی

تاوانبارە." بە پێی ئەم ئایەتە تۆ تاوانبار یان بێتاوانیت لەبەردەم خودا؟ لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەگەر خودای پیرۆز لەسەر شاشەیەک هەموو ئەو شتە نهێنیانەی کە کردووتە و هەموو بیرکردنەوەیەکی دڵت پیشان بدات، شانازی بە خۆتەوە دەکەیت یان شەرمەزار دەبیت؟

**پوختە**

- هەموومان لە خودا یاخی بووین و گوناهمان کردووە
- گوناه لە دڵمانەوە سەرچاوە دێت
- هەموومان تاوانبارین، باش نین و شەرمەزارین لەبەردەم خودادا

**خودا چی دەکات سەبارەت بە یاخیبوونمان لە دژی خۆی؟ ئایا چاوپۆشی لە گوناهەکەمان دەکات لەبەرئەوەی کە میهرەبانە؟**



## ٤. خودا - دادوەرە دادپەروەرەکە

کتێبی پیرۆز دەفەرموێت...

"خودا حوکم بەسەر هەموو کارێکدا دەدات، بە هەموو کارێکی نهێنیشەوە، جا چاک بێت یان خراپ."

(ژیرمەندی ١٢: ١٤)

بیهێنە بەرچاوت ئەگەر پیاوێک بچێتە ناو ماڵی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەتەوە و پارەکەی و ئۆتۆمبێلەکەی بدزێت. پاشان دزەکە بگیرێت و بهێنرێتە بەردەم دادوەر و گوتی: "تاوانەکەم گەورە نییە، لانیکەم نەمکوشت، تکایە ئازادم بکە." ئەگەر دادوەرەکە دزەکە ئازاد بکات، ڕات چی دەبێت؟ هەست بە توڕەیی دەکەیت، چونکە ئازادکردنی دزەکە دادپەروەرانە نییە، ئەوکات دەتگوت دادوەرەکە گەندەڵ و نادادپەروەرە، وایە؟

بەڵام ئەی خودا چی؟ کاتێک خودا یاخیبوون و گوناهی ئێمە دەبینێت، چاوپۆشی لێناکات، چونکە ئەو دادپەروەر و باش و بە شکۆیە. لەبەرئەوە ئەو لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکات و سزامان دەدات لەسەر گوناهەکانمان. خودا سەرپێچیکردنمان لە دژی خۆی و خراپ مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەوانی تر بە هەند وەردەگرێت. خودا ناهێڵێت یاخیبوونمان بێ سزا بڕوات. ناهێڵێت یاخیبوونەکەمان بەبێ حوکمدان هەمیشە بەردەوام بێت.

لە ڕۆژی دواییدا، هەمووومان لەبەردەم خودادا دەوەستین و لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت سەبارەت بە ژیانمان و بیرکردنەوە و گوناهەکانمان. لەو ڕۆژەدا، ناتوانین خۆمان بشارینەوە یان بیانوو بۆ گوناهەکانمان بهێنینەوە.

بەڵێ خودا میهرەبانە، بەڵام میهرەبانییەکەی بە مانای ئەوە نایەت کە دادپەروەرییەکەی وەلا دەنێت. کتێبی پیرۆز ئاگادارمان دەکاتەوە کە خودا سزای

گوناهباران دەدات بەهۆی یاخیبوونیان لە دژی خۆی. لەبیرت بێت خودا خودایەکی دادپەروەرە. لە سەردەمی نوحدا بە لافاوێک حوکمی جیهانی دا بە هۆی خراپەی مرۆڤەکانەوە. کتێبی پیرۆز دەڵێت "خودا سزای ئەوانە دەدات کە خودا ناناسن و گوێڕایەڵی پەیامی ئینجیلی عیسای خاوەن شکۆمان نابن، ئەوانە بە لەناوچوونی هەتاهەتایی سزا دەدرێن، دوور لە ئامادەبوونی مەسیح و شکۆی تواناکەی." سزای خودا بۆ یاخیبوونمان دۆزەخە، شوێنی ئازار و ئاگری هەتاهەتایی دوور لە ڕەحمەتی خودا.

هەندێک پێیان وایە سزادانی خودا بۆ گوناهباران لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا سزایەکی کاتیە، دوای سزادانیان دەیانبات بۆ بەهەشت. بەڵام ئەمە ڕاست نییە. لەدوای لێپرسینەوە، مرۆڤەکان یان بۆ هەتاهەتایە دەچنە بەهەشت، یانیش بۆ هەتاهەتایە لە دۆزەخ دەمێننەوە، بژاردەی سێیەم نییە.

ئەمە شتێکی ترسناکە، کە وەک گوناهبارێک بکەویتە ژێر حوکمی خوداوە. بەڵام هەموو مرۆڤێک شایەنی ئەو سزایەیە لەبەر یاخیبوونی لە خودا.

**پوخته**

- خودا دادوەرێکی دادپەروەرە و دەبێت سزای گوناهباران بدات.
- میهرەبانی خودا بەو مانایە نایەت کە حوکم لە سەر خەڵک لادەبات.
- سزای خودا بۆ یاخیبوون سزای هەتاهەتاییە لە دۆزەخدا.

**بیستنی ئەمە قورسە. واتە هەموومان لە کێشەیەکی قووڵداین. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئەگەر کاری باشەی زیاتر بکەین بە هەوڵی خۆمان و ئینجا خودا ببینێ کە چاکەکانمان لە خراپەکانمان زیاترە، رەحممان پێ دەکات و لێمان خۆش دەبێت؟**



# ٥. شەریعەت و ماندووبوونمان

کتێبی پیرۆز دەفەرموێت...

بە کرداری شەریعەت کەس لەلای خودا بێتاوان نابێت،

بەڵکو گوناه لە ڕێگەی شەریعەتەوە دەناسرێت.

ڕۆما ٣: ٢٠

وەک بینیمان، ڕوونە کە هەموو کەسێک یاخی بووە لە خودا و شایەنی حوکمدانی خودایە لەسەر گوناهەکانیان. بەڵام زۆر کەس چی دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان پاک بکەنەوە لە گوناه و هەوڵی ڕزگارکردنی خۆیان بدەن لە حوکمی خودا؟

بیر لە خۆت بکەرەوە. ئەگەر کەسێک لێت بپرسێت، "لەسەر چ بنەمایەک بە هیوای ئەوەی کە گوناهەکانت ببەخشرێن و بچیتە بەهەشت؟" چی دەڵێی؟ زۆربەی خەڵک دەڵێن: "نوێژ دەکەم، دەبەخشم بە

هەژاران، بەڕۆژوو دەبم، کەسم نەکوشتووە و داوێنپیسیم نەکردووە." بەڵام ئەم وەڵامە وەک وەڵامی دزێک وایە بەرامبەر دادوەرێک کە بڵێت، "میهرەبان بە لەگەڵم چونکە من ئەوەندە خراپ نیم، شتێکی گەورە و گرانبەهام نەدزیوە، لە مرۆڤەکانی تر باشترم."

بەڵام ئەگەر دادوەرەکە دادپەروەر بێت، دەبێت حوکمی بدات. خوداش خودایەکی دادپەروەرە و تۆش فەرمانی ئەوت شکاندووە. کەوایە تۆ باجی ئەو گوناهانەت هەڵدەگری کە بەرامبەر خودا ئەنجامتداون. لەبەر گوناهەکانت شەرمەزار دەبیت بەرامبەر خودا، وەک چۆن دزێک شەرمەزار دەبێت لەبەرچاوی ئەوانی تر.

خەڵکی زۆر پێیان وایە کە دەتوانن ڕەزامەندی خودا بەدەستبهێنن بە جێبەجێکردنی شەریعەتەکەی. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەمە راستە؟

خودا یاسا و شەریعەتی خۆی داوە بە گەلەکەی لە ڕێگەی پێغەمبەر موساوە. مەکوژە، دزی مەکە، داوێنپیسی مەکە، بە هەموو دڵتەوە خودات خۆش بوێت و

دراوسێکەت وەک خۆت خۆشبوێت و هتد، یاسای خودا باش بوو. بەڵام خودی شەریعەت بێدەسەڵات بوو لە پاککردنەوەی مرۆڤەکان. بۆچی؟ چونکە مرۆڤ ناتوانێت بە تەواوی جێبەجێی بکات.

شەریعەت وەک بارێک وایە لەسەر شانمان چونکە جێبەجێکردنی تەواوی لە خەڵک دەوێ. ئەگەر کەسێک بە تەواوی جێبەجێی نەکات ئەنجامەکە نەفرەت و حکومدانە. ئەمە باجی گوناهەکانمانە لەبەرامبەر خودا. ئینجیلی پیرۆز دەڵێت، "هەموو ئەوانەی پشت بە کرداری شەریعەت دەبەستن، لەژێر نەفرەتن، چونکە نووسراوە: ﴿هەرکەسێک لە هەموو نووسراوی پەڕتووکەکانی تەورات نەچەسپێت بۆ پەیڕەوکردن، نەفرەت لێکراوە.﴾ ئاشکرایە لە بەرامبەر خودا کەس بە شەریعەت بێتاوان ناکرێت."

شەریعەت وەک ئاوێنە وایە. ئاوێنەیەک دەتوانێت نیشانت بدات تۆ پیسیت، بەڵام هیچ هێزێکی نییە بۆ پاککردنەوەت. مەبەست لە شەریعەت ئەوە بوو کە

گوناهەکانمان پیشان بدات. ئەوە مەبەستی شەریعەتی خودا بوو، نەک پاککردنەوەمان لە گوناه. شەریعەت بۆ ئەوە بوو کە نیشانمان بدات بە گوناه پیسین.

بەڵام لە ڕێگەی ئەو شەریعەتەی کە خودا بە موسای بەخشی، خودا نیعمەتیشی بە گەلەکەی نیشان دەدا. خودا ڕێگایەکی بۆ کەفارەتی گوناهی مرۆڤەکان دیاریکرد بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاشتی لەگەڵیدا بژین و لێی نزیک ببنەوە. ئەمەش لەڕێگەی قوربانیکردن بە ئاژەڵەوە بوو. ساڵ لە دوای ساڵ گەلی خودا ئاژەڵیان دەکردە قوربانی بەناوی گوناهەکەیانەوە، وەک کەفارەتی گوناه. بەڵام خوێنی گا و بزن هەرگیز نەیتوانی گوناهی مرۆڤ لاببات. خوێنی قوربانی ئاژەڵ نەیتوانی دڵیان بگۆڕێت. ئەم قوربانیکردنانە ئاماژەیان بەو ڕاستییە دەکرد کە لێخۆشبوون لە گوناه و ئاشتی لەگەڵ خودا بە نیعمەتی خودا لە ڕێگەی قوربانیدانەوە دێت نەک بە هەوڵ و ماندووبوونی مرۆڤەوە لە جێبەجێکردنی شەریعەت.

به هەوڵەکانی خۆمان بۆ پابەندبوون بە شەریعەتی خودا کەس بێتاوان نابێت، چونکە کەس ناتوانێت شەریعەتەکە بە تەواوی جێبەجێ بکات. کارە باشەکانمان ناتوانن کارە خراپەکان لاببەن. لەبیرت بێت، کێشەی بنەڕەتیمان ئەوە نییە کە تەنها کاری خراپ دەکەین، بەڵکو ئەوەیە کە دڵمان گوناهبارە و نامانەوێت لە ژێر دەسەڵاتی خودادا بژین.

لێرەدا پرسیارێکم هەیە، "دەتوانی خەڵوزێک لە ڕەشاییەکەی پاک بکەیتەوە؟" نەخێر! بێهیوا دەبیت. بە هەمان شێوە ناتوانیت لەبەردەم خودادا خۆت پاک بکەیتەوە بە هەوڵەکانی خۆت بە جێبەجێکردنی شەریعەتەکەی. ئەمە وەک ئەوە وایە هەوڵی شووشتنەوەی خەڵوز بدەیت.

بەڵام ئەمە بزانە، خودا دەیەوێت بێتوانایی تۆ لە پابەندبوون بە شەریعەتەکە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی نیشانت بدات کە پێویستت بە یارمەتی و نیعمەتەکەیەتی. پێویستت بە کەسێکە کە کۆیلەی گوناه

نەبێت بۆ ئەوەی لە نەفرەتی گوناە ڕزگارت بکات. پێویستت بە ڕزگارکەرێکە کە لە پیسی گوناە پاکت بکاتەوە. کەسێکت پێویستە ئەو بارە لە لەسەر شانت لا ببات.

بۆ نموونە، ئەگەر منداڵێک بکەوێتە ناو ڕووبارێکەوە و خەریکبێت بخنکێت، پێویستی بە چییە؟ ئایا پێویستی بە کەسێکە ڕێنمایی پێ بدات سەبارەت بە چۆنیەتی مەلەکردن؟ نەخێر، ئەوە ڕزگاری ناکات. ناتوانێت مەلە بکات. پێویستی بە پیاوێکە کە بتوانێت مەلە بکات و باز بداتە ناو ڕووبارەکە و ڕزگاری بکات. ئێمەش وەک ئەو منداڵە پێویستمان بە ڕزگارکەرێکە.

**پوخته**

- ناتوانین کاره خراپەکانمان بە کارە باشەکانمان بپێوین
- ڕێگای ڕزگاری خودا بە نیعمەتی ئەو لە ڕێگەی قوربانیدانەوەیە نەک بە هەوڵ و ماندووبوونمان
- پێویستمان بە ڕزگارکەرێکە کە لە گوناە و حوکمدانی خودا ڕزگارمان بکات

**کەواتە کێیە ئەو ڕزگارکەرەی کە دەتوانێت ڕزگارمان بکات؟**



## ٦. عیسا - خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە

کتێبی پیرۆز دەفەرموێت...

بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخستین، بەوەی مەسیح لە پێناوی ئێمەدا مرد، کاتێک هێشتا گوناهبار بووین.

رۆما ٥: ٨

هەرچەندە ئێمە لە خودا یاخی بووین، بەڵام خودا خۆشی دەوێین. خودا دەیتوانی وازمان لێبهێنێت، بەڵام ئەو واناکات، ئەو پشودرێژە و پڕە لە میهرەبانی. لە سەرەتادا، پێش درووستبوونی جیهان، خودا پلانێکی دانا بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران تا بیانکاتە گەلێکی تایبەت و پیرۆز بۆ خۆی. خودا بە نیعمەت و میهرەبانی خۆی نزیک بووەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی ئاشتمان بکاتەوە، چونکە نەمانتوانی خۆمان ڕزگار بکەین.

خودا عیسای مەسیحی نارد بۆ جیهان بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات. عیسا بە تەواوی خودا بوو و بە تەواوی مرۆڤیش بوو. پێش دروستبوونی جیهان لەگەڵ خودا بوونی هەبووە و خۆی خودا بووە. ٢٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا هاتە ئەم جیهانە و بوو بە مرۆڤ. لە پاکیزەیەکەوە لەدایک بوو، بۆ گەڕان و ڕزگارکردنی ونبووەکان. فریشتەیەک لەدایک بوونی ئەوی ڕاگەیاند و گوتی دێت بۆ ئەوەی گەلەکەی لە گوناهەکانیان پاک بکاتەوە. هەروەها فریشتەکە گوتی ناوی دەنرێت ئیمانوێل، کە بە واتای "خودا لەگەڵمانە" دێت.

عیسا چەندین موعجیزەی کرد بۆ نیشاندانی خۆشەویستی و دەسەڵات و خوایەتییەکەی. شیفای خەڵکی دەدا، لە گوناهەکانیان خۆش دەبوو، مردووەکانی زیندوو دەکردەوە. کێ هێزی ئەوەی هەیە مردوو زیندوو بکاتەوە و لە گوناهەکان خۆش بێت؟ تەنها خودا. بە پێچەوانەی ئێمەوە، عیسا هەرگیز لە خودا یاخی نەبووە. ئەو بە تەواوی کەسانی دیکەی خۆشدەویست و

گوێڕایەڵی شەریعەتی خودا بوو، ئەو بەتەواوی چاک بوو. کێ چاکە تەنها خودا نەبێت؟ عیسا وەک ئێمە کۆیلەی گوناە نەبوو. چونکە هەرگیز گوناهی نەکردووە، شایەنی حوکمی خودا نەبووە، شایەنی مردنیش نەبوو.

بەڵام عیسا نەهاتووە بۆ ئەم جیهانە بۆ ئەوەی تەنها نموونەیەک بێت بۆ چۆنیەتی ژیانکردن. عیسا بە ئەرکێکی تایبەتەوە هات، بۆ ڕزگارکردنی هەموو گەلان لە نەفرەتی گوناە، بە بوون بە قوربانی لە پێناویاندا. کاتێک یەحیای لە ئاوهەڵکێش عیسای بینی، گوتی: "ئەوەتا بەرخی خودا کە گوناهی جیهان لادەبات." هەرچەندە هێزی خودای هەبوو بۆ چاککردنەوەی نەخۆشەکان و زیندووکردنەوەی مردووەکان و وەستاندنی لە خاچدانی خۆی، بەڵام عیسا بە ئامادەییەوە خۆی بەخشی بۆ ئەوەی لێی بدرێت و لە خاچ بدرێت. بۆچی؟

عیسا ژیانی خۆی لە پێناوماندا دانا وەک کۆتا قوربانی، بەڵام قوربانییەکی تەواو. بە قوربانیکردنی ئاژەڵ لە سەردەمی موسادا ئاماژەی بە قوربانیدانی عیسا

دەکرد. خوێنی بەرخەکان ناتوانێت گوناهەکان لاببات، بەڵام خوێنی مەسیح دەتوانێت. بۆیە خودا ڕەحمەتی خۆی لە مەسیحدا بە ئێمە نیشاندەدات.

لەبەر ئەوەی ئێمەی خۆشدەوێت، عیسا ئەو حوکم و سزایەی گرتە ئەستۆ کە دەبوایە ئێمە هەڵیبگرین. بە مردنی لەسەر خاچ لە شوێنی ئێمە، قەرز و باجی گوناهی ئێمەی دایەوە. عیسا وەک جێگرەوەیەک بۆ گوناهبارانی وەک ئێمە مرد، نەک بۆ گوناهەکانی خۆی، ئەو هیچ گوناهێکی نەبوو، بەڵکو بۆ گوناهەکانمان خۆی کردە قوربانی.

وەک شەهیدێک کە ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی بۆ پاراستنی خێزانەکەی. عیسا لەسەر خاچ ژیانی خۆی بەخشی و تووڕەیی خودای هەڵگرت لە کاتێکدا ئێمە شایەنی ئەوە بووین، نەک مەسیح. ئەمەی کرد بۆ ئەوەی تووڕەیی خودا لەسەر ئەو کەسانە نەمێنێتەوە کە باوەڕی پێی دەهێنن وەک پەروەردگار. ئەمە خۆشەویستی خودایە بۆ ئێمە، بەڕاستی ئێمە شایەنی ئەوە نین.

**پوختە**

- بەهۆی خۆشەویستییەکەیەوە، خودا عیسا مەسیحی ناردە جیهان
- عیسا تەواو بوو، بۆیە شایەنی مردن نەبوو
- بەڵام عیسا سزای ئێمەی خستە ئەستۆی خۆی بە مردن لەجیاتی ئێمە

**بەڵام لێرەدا پرسیارێک هەیە، ئایا مردن زاڵبوو بەسەر عیسا؟ یان عیسا زاڵبوو بەسەر مردندا؟ ئایا ڕزگارکەرمان هێشتا مردووە؟**



## ٧. عیسا زاڵبوو بەسەر گوناه و مردن

کتێبی پیرۆز دەفەرموێت...

ستایش بۆ خودا، باوکی عیسای مەسیحی پەروەردگارمان! بەهۆی بەزەییە فراوانەکەیەوە لەدایکبوونەوەی پێ بەخشین بۆ هیوایەکی زیندوو بە هەستانەوەی عیسای مەسیح لەنێو مردووان.

یەکەم پەترۆس ١: ٣

ئەگەر عیسا مردبا، بەڵام هەرگیز لە گۆڕ هەڵنەستابایەوە، هیچ هۆکارێک نەدەما تا باوەڕمان بەوە هەبێت کە ئەو پەروەردگار و ڕزگارکەری جیهانە. بەڵام گەورەترین موعجیزە لە هەموو جیهاندا ئەوەیە کە سێ ڕۆژ دوای مردنی عیسا، خودا لە مردن زیندووی کردەوە. دوای زیندووبوونەوەی، عیسا بۆ قوتابییەکانی و زیاتر لە ٥٠٠ کەسی دیکە دەرکەوت. زیندووبوونەوەی ئەو، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە عیسا پەروەردگارە. هەروەها،

زیندووبنەوەکەی ئەمە دەسەلمێنێت کە خودا قوربانیدانی عیسای وەک باجی تەواوی گوناهەکانمان قبوڵ کردووە. عیسا بە زیندووبوونەوەی هێزی شەیتانی شکاند و بەسەر گوناە و مردندا زاڵ بوو. دوای چل ڕۆژ لە زیندووبوونەوەی، بەرزبووەوە بۆ ئاسمان کە ئێستا بە هەموو دەسەڵاتێکەوە وەک پاشای ئاسمان و زەوی حوکمڕانی دەکات.

ڕۆژێک دێت، عیسا دەگەڕێتەوە سەر زەوی و حوکمی زیندوو و مردووەکان دەدات. بەڵام عیسا تەنها دادوەر نییە لە رۆژی لێپرسینەوەدا، بەڵکو ڕزگارکەریشە. بەهۆی مردنی لە جیاتی ئێمە و زیندووبوونەوەی، لێخۆشبوون لە گوناە و ژیانێکی نوێ پێشکەش بە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە بە تۆبە و باوەڕەوە دێنە لای. ئەو هەموو شتێکی کردووە کە پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی لە گوناە ڕزگارت بکات و بتگەڕێنێتەوە بۆ لای خودا.

ئەگەر باوەڕت پێی هەبێت وەک پەروەردگار و ڕزگارکەر، ئەوا هیوا و بەڵێنێکت لە عیساوە هەیە، تۆش

له مردن هەڵدەستیتەوە و بۆ هەمیشە لەگەڵ عیسای پاشا دەژیت. پاشان بۆ هەمیشە ئاشتییەکی تەواوت دەبێت. هیچ گوناە و مردن و ئازارێک نامێنێتەوە و گەلی خودا بۆ هەمیشە بە خۆشییەکی تەواو لەگەڵیدا دەژین.

**پوختە**

- دوای لە خاچدانی، عیسا زیندوو بووەوە.
- عیسا زاڵ بووە بەسەر گوناە و مردندا
- عیسا لێبوردن لە گوناە و ژیانی نوێ وەک دیاری پێشکەش دەکات
- عیسا دەگەڕێتەوە و گەلەکەی زیندوو دەکاتەوە بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لەگەڵیدا بژین

**لەخاچدان و زیندوونەوەی مەسیح بەو مانایە نایەت کە هەموو کەسێک لێخۆشبوون بەدەست دەهێنێت و رزگار دەبێت. کەواتە لێرەدا هەڵبژاردنێکت لەبەردەمە کە بریتییە لە دوو رێگا، ئەو دوو رێگایە چییە؟**



## ٨. دوو ڕێگاکە

کتێبی پیرۆز دەفەرموێت...

ئەوەی باوەڕ بە کوڕەکە بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی هەیە. بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت.

یۆحەنا ٣: ٣٦

ئێستا تەنها دوو ڕێگات لەبەردەمە. یەکەم ڕێگای ژیان ئەوەیە کە بەردەوام بیت لە یاخیبوونت لە خودا. ئەمەش واتە ڕەتکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە عیسا ڕزگارکەر و پاشایە و ژیانی خۆی وەک قوربانی لە پێناو گوناهباراندا بەخشی و لە مردن هەستایەوە. لەوانەیە لەم دونیایەدا پارە و ماڵ و ئۆتۆمبێل و بەختەوەرییەکی کاتی بەدەست بهێنیت، بەڵام ئەگەر هەموو دونیا بەدەست بهێنیت و ڕۆحت لەدەست بدەیت، چ قازانجێک

دەکەیت؟ لەم ڕێگەیە، بەرەو دۆزەخ دەچیت. هەروەها بە تەنیا ڕووبەڕووی ناڕەحەتیەکانی ژیان و دەرئەنجامەکانی گوناهەکانت دەبیتەوە و هیچ ئاسوودەییەک بۆ ڕۆحیشت نادۆزیتەوە.

بەڵام هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە ڕێگایەکی تر لەبەردەمتدایە. ئەگەر تۆبە بکەیت و باوەڕ بە مزگێنی مەسیح بهێنێت، ڕزگار دەبیت. واتا ئەگەر داوای لێبخۆشبوونی لێبکەی و باوەڕ بە عیسا بهێنیت وەک کوڕی زیندووبووەوەی خودا و رزگارکەرەکەت، ئەوا هەموو شتێک دەگۆڕێت.

بەهۆی ئەوەی عیسا بۆی کردوویت نەک بەهۆی ئەوەی کە چیت بۆ خودا کردووە، ئاسوودەیی بۆ ڕۆحت دەدۆزیتەوە. عیسا لە کۆیلایەتی گوناە ڕزگارت دەکات و دەتکاتە رۆڵەیەکی خۆشەویستی خودا. خودا شەرمەزاریت لەسەر لادەبات و وەک منداڵێکی خۆشەویستی خۆی قبوڵت دەکات. دەتوانیت لە ترسی مردن و رۆژی لێپرسینەوە ڕزگارت بێت. دەتوانیت دڵنیا

بیت کە لەلایەن خوداوە لێخۆشبوون بە دەست دەهێنیت. دەتوانیت بە تەواوی دڵنیا بیت لەوەی کاتێک عیسا دەگەڕێتەوە، تۆ وەک کەسێکی ڕاستودروست دادەنرێیت و ڕەزامەندی خوداش بەدەست دەهێنێت، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی کە شایەنی ئەوەیت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە خودا رزگاری کردوویت.

بۆ نموونە، گریمان دەتەوێت بچیتە بۆنەیەکی گەورەی پیاوێکی گرنگ، بەڵام پیاوەکە ناناسیت، جل و بەرگی جوانت لەبەردا نییە. لە دەرەوەی هۆڵەکە وەستاویت و دەتەوێت بچیتە ژوورەوە، بەڵام ڕێگەت پێنادەن بچیتە ژوورەوە. بەڵام بیهێنە بەرچاوت ئەگەر کوڕی بەڕێوەبەری بۆنەکە بێتە دەرەوە و وەک هاوڕێی خۆی بانگهێشتت بکات بۆ ژوورەوە. بیهێنە بەرچاوت ئەگەر جل و بەرگی جوانت پێبدات و لەگەڵ خۆیدا وەک هاوڕێیەکی خۆی بتباتەوە ناو بۆنەکە. یەکسەر لەبری ئەوەی ڕەت بکرێیتەوە، دەبیتە میوانێکی بەڕێزی بۆنەکە. ئەمە ئەو شتەیە کە عیسا لەبەردەم خودادا بۆمان دەکات.

ئێمە لەگەڵ خۆیدا یەکدەخات، ڕاستودروستی خۆیمان وەک جلوبەرگێکی نویٚ پێدەبەخشێت و وەک هاوڕێی خۆی دەمانخاتە ناو بنەماڵەی خوداوە، لەسەر بنەمای شکۆ و ڕاستودروستی خۆی، نەک هی خۆمان.

ئەگەر تۆبە بکەیت و باوەڕت بە مەسیح هەبێت، خودا تاوانی گوناهەکانت دەسڕێتەوە. ئەو مردنی عیسا وەک باجی یاخیبوونەکەت پەسەند دەکات، و بە خۆڕایی و بە تەواوی لێت خۆش دەبێت. ڕۆحی خۆیت پێدەبەخشێت و شکانەکەت چاک دەکاتەوە. لەم ژیانە نوێیەدا کە عیسا پێشکەشت دەکات، عیسا کەسی ناوەوەت دەگۆڕێت و دڵێکی نوێت پێدەبەخشێت کە پڕە لە خۆشەویستی بۆ خودا. بەهێزت دەکات بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی بیت و ئامانجێکی نوێت پێدەبەخشێت لە ژیاندا بۆ ئەوەی بۆ شکۆمەندی ئەو بژیت. لە ڕێگەی عیساوە دەتوانیت خۆشی پەیوەندییەکی نوێی و ئاشتی تەواو لەگەڵ خودا ئەزموون بکەیت.

بەڵام عیسا ئاگادارمان دەکاتەوە کە شوێنکەوتنی ئەو قوربانیدانی دەوێت لە ئێمەوە. ڕۆژێک مەسیح بە قوتابییەکانی فەرموو: "ئەگەر منیان چەوساندبێتەوە، ئێوەش دەچەوسێننەوە." ئەگەر شوێنی عیسا بکەویت ڕەنگە ئەندامانی خێزانەکەت حاشات لێبکەن و خەڵکیش سووکایەتیت پێبکەن. عیسا بانگمان دەکات کە دەبێت ئەومان زیاتر لە خێزان و هاوڕێکانمان خۆشبوێت. مەسیح ئاگاداری شوێنکەوتووانی کردەوە و فەرمووی "ئەوەی لەبەردەم خەڵک دانم پێدا بنێت، منیش لەلای باوکم کە لە ئاسمانە، دانی پێدا دەنێم. بەڵام ئەوەی لەلای خەڵک نکۆڵی لە ناسینی من بکات، منیش لەلای باوکم کە لە ئاسمانە، نکۆڵی لێ دەکەم." لەگەڵ ئەوەش مەسیح فەرمووی، "ئەوەی خاچەکەی هەڵنەگرێت و دوام نەکەوێت، ناتوانێت ببێتە قوتابی من." واتە دەبێت ئامادە بیت باجی شوێنکەوتنی مەسیح بدەیت.

سەرەڕای هەموو ئازارچەشتن و چەوسانەوەیەک لەبەر شوێنکەوتنی مەسیح، مەسیح شایەنی ئەوەیە کە

لە پێناویدا قوربانی بدەین. کاتێک دەبیتە شوێنکەوتووی عیسا، ئەو هەمیشە لەگەڵت دەبێت و گرنگیت پێدەدات و بایەخت پێ دەدات. ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئێمە کارێکی باش بەدەست بهێنین، یان دەوڵەمەندی لەم جیهانەدا بەدەست بهێنین، یان پشتگیرییەک بەدەست بهێنین بۆ ئەوەی وڵات بەجێبهێڵین. نەخێر، عیسا بەڵێنی سامان نادات لەم جیهانەدا. بەڵێن نادات کە ئێمە ڕووبەڕووی سەختی نابینەوە. بەڵکو شتێکی بەهادارتر لە زێڕمان پێدەبەخشێت کە لێخۆشبوون لە گوناه و هیوای ژیانی هەتاهەتاییە. عیسا بەڵێن دەدات کە هەرگیز بەجێمان ناهێڵێت و خۆشی ناسینی خۆیمان پێدەبەخشێت. عیسا ژیانی خۆی لە پێناو ئێمەدا بەخشی، ئایا تۆش ژیانی خۆت دەبەخشیت لە پێناو شوێنکەوتنی ئەو؟

ئەمە دوو ڕێگاکەن. ڕێگای سێیەم نییە. عیسا تاکە ڕێگایە بۆ بەهەشت. عیسا دەڵێت: "منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان، کەس نایەتە لای باوک لە ڕێگەی منەوە نەبێت."

**پوختە**

تەنها دوو ڕێگا هەیە بۆ ژیان.

ڕێگای خۆت:

- عیسا وەک پاشای خۆت ڕەت دەکەیتەوە
- بە ڕێگای خۆت دەژی
- ڕووبەڕووی مەرگ و حوکمدان دەبیتەوە

ڕێگای نوێی خودا:

- ملکەچبوون بۆ عیسا وەک پاشاکەت و ژیان بۆی
- پشتبەستن بە مردن و زیندووبوونەوەی عیسا بۆ لێخۆشبوون لە گوناه
- وەرگرتنی ژیانێکی نوێ کە تاهەتایە بەردەوام دەبێت

**کەواتە، دەتەوێت بە کام ڕێگا بژیت؟**

ئەگەر وەڵامی تۆ بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە دەمەوێ بە "ڕێگای خۆم" بژیم، ئەوا لێت دەپاڕێمەوە کە مزگێنی پشتگوێ نەخەیت. ئینجیلی پیرۆز بخوێنەوە و خۆت بزانە کە عیسا کێیە. هەروەها هانت دەدەم سەردانی کڵێسایەک بکە و پرسیارەکانی خۆتیان لێ بکە. کڵێسای ئینجیلیی کراوەیە بۆ خەڵک لە هەموو ئایینە جیاوازەکانەوە بۆ ئەوەی سەردانی بکەن. باوەڕداران بە مەسیح بە دڵخۆشییەوە وەڵامی هەر پرسیارێکت دەدەنەوە کە سەبارەت بە مەسیح هەتە.

**بەڵام ئەگەر بڕیارتدا لەسەر ڕێگای نوێی خودا بژیت و ببیتە قوتابی مەسیح، دەبێت چی بکەیت و لە کوێ دەستپێدەکەیت؟**



# ٩. دەبێت چۆن وەڵامی دیاری رزگاربوون بدەیتەوە

کتێبی پیرۆز دەفەرموێت...

"تۆبە بکەن، باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن."

مەرقۆس ١: ١٥

تەنها زانینی زانیاری دەربارەی عیسا ڕزگارت ناکات. دەبێت وەڵام بدەیتەوە بۆ ئەوەی ڕزگارت بێت. خودا بانگت دەکات کە بێیتە لای عیسا بۆ ئەوەی ڕزگارت بێت. چۆن؟ تۆبە لە گوناهەکانت بکە و باوەڕ بە مەسیح بهێنە وەک ڕزگارکەر و پەروەردگارت. ناکرێ باوەڕ و تۆبە لە یەکتر جیا بکرێنەوە. دەبێت هەردووکت هەبێت بۆ ئەوەی ڕزگارت بێت. ئەم دووە، وەک دوو رووی دراوێکن، وەک دوو باڵی باڵندەیەکن.

## تۆبە

تۆبەکردن بریتییە لە وازهێنان لە گوناهەکانت و ملکەچبوون بۆ عیسا وەک ڕزگارکەر و پاشای ژیانت. دەبێت بزانیت و دان بەوەدا بنێیت کە گوناهەکانت تۆیان لە خودا جیاکردووەتەوە و ناتوانیت خۆت پاک یان چاک بکەیتەوە. لە تۆبەکردنتدا پێویستە بە بێفێزییەوە بێیتە لای عیسا و داوای یارمەتی لێ بکەیت بۆ ئەوەی واز لە گوناهەکانت بهێنیت و گوێڕایەڵی بیت. ئێمە بە هێز و یارمەتی خودا تۆبە دەکەین.

پێویست ناکات بە توانای خۆت، خۆت پاک بکەیتەوە و ئینجا بچیت بۆ لای مەسیح. نەخێر، بە گوناهەکانتەوە بڕۆ لای مەسیح، ئەو پڕە لە میهرەبانی و ئامادەیە خۆی پاکت بکاتەوە و بەهێزت بکات بۆ تۆبەکردن. کەس ناتوانێت بە هێزی خۆی خۆی پاک بکاتەوە و تۆبە بکات. تۆبە بریتییە لە هاتن بۆ لای عیسا، پەشیمانبوونەوە لە گوناهەکانت، و داواکردنی یارمەتی و هێزەکەی بۆ ڕزگاربوون و گۆڕان و وازهێنان لە گوناه.

کاتێک لەسەر رێگای خودا دەڕۆیت و دەبیتە قوتابی مەسیح، سەراپای ژیانت دەگۆڕێ. دەبێت واز لە خووی خراپ و کۆنت بهێنی وەک لووتبەرزی و تەماح و توڕەیی و غەیبەت و خۆپەرستی و هتد. بە یارمەتی خودا، دڵ و کردارەکانت دەگۆڕێن. ئەو دڵ و رەفتارانەی کە خودا رازی دەکەن، وەک بێفیزی، بەخشندەیی، میهرەبانی، خۆشەویستی، ئارامی. تەنانەت تۆبەکردن کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندیت لەگەڵ کەسانی تریش. پێویستە لەو کەسانە خۆش بیت کە خراپەیان لەگەڵ کردوویت. دەبێت هەوڵبدەیت لەگەڵ هەمووان بە ئاشتی بژیت. بۆ نموونە، ئەگەر خراپەیەکت کردبێت بەرامبەر کەسێک، پێویستە دان بە گوناهەکەت دابنێیت بەرامبەر ئەو کەسە و داوای لێخۆشبوونیشی لێ بکەیت.

لەبەر ئەوەی عیسا پاشای ژیانی تۆیە، تۆبە پرۆسەیەکی بەردەوامە لە ژیانی باوەڕداردا. باوەڕبوون بە عیسا وەک پەروەردگار بەو مانایە نییە کە تۆ هەرگیز جارێکی تر گوناه ناکەیتەوە دوای ئەوەی باوەڕت هێنا.

نەخێر، هێشتا لەگەڵ گوناهدا دەجەنگیت تا ئەو ڕۆژەی کە دەمری. بەڵام لەگەڵ شوێنکەوتنی عیسا و گەشەکردنت وەک باوەڕدارێک، خودا هەنگاو بە هەنگاو یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی دوور بیت لە گوناه و ڕەزامەندی خودا بەدەست بهێنیت.

لە خۆت بپرسە، پێویستە لە کام گوناه لە ژیانتدا تۆبە بکەیت؟

**باوەڕ**

ڕزگاربوون بە نیعمەتی خودایە، تۆش لە ڕێگەی باوەڕەوە وەریدەگریت. باوەڕبوون بە عیسا دانپێدانانە بەوەی کە ئەو پەروەردگار و ڕزگارکەرە. تەنها بە باوەڕهێنان بە مردن و زیندووبوونەوەی مەسیح دەتوانی لێخۆشبوون لە گوناهەکانت بەدەستبێنی و لەگەڵ خودا ئاشت ببیتەوە. باوەڕهێنان بە مەسیح شتێک نییە تەنها جاریک بیکەیت، بەڵکو شتێکە کە دەبێت تا مردن لەسەری

بیت. ئەوە بزانە وەک باوەڕدارێک جار جار دەکەویتە ناو گوناهەوە. هەمووومان تووشی گوناە دەبین. بەڵام پێویستە بەردەوام بیت لە باوەڕەکەت بە عیسا وەک تاکە بنەمایەک بۆ لێخۆشبوونت و ئاشتی لەگەڵ خودا.

بەرهەمی باوەڕی راستەقینە تۆبەکردنی بەردەوام و ژیانێکی نوێیە. ئەوانەی بەڕاستی باوەڕیان هێناوە و لەلایەن عیسا دەگۆڕدرێن، دەست دەکەن بە نیشاندانی خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگری، میهرەبانی، نەرمی و بەسەرخۆدازاڵبوون. هەرچەندە بوونی گوناە لە ژیانی باوەڕداردا بەردەوامە، بەڵام چیتر گەورەی ئێمە نییە. چیتر باوەڕداران کۆیلەی گوناە نین. ئەگەر کەسێک بڵێت باوەڕم بە عیسا هەیە کە  لە گوناهەکانم خۆشبووە، بەڵام بەردەوام بێت لە گوناە بەبێ ئەوەی تۆبە بکات، و لە گوێڕایەڵی عیسادا گەشە نەکات، ئەوا باوەڕەکەی ڕاستەقینە نییە. باوەڕێکی بێ کردار، باوەڕێکی مردووە. قوربانیدانی عیسا بۆ ئێمە مۆڵەتێک نییە بۆ گوناهکردن.

باوەڕهێنان بە قوربانیدانی عیسا یەکمان دەخات لەگەڵ خودای زیندوو، هەروەها دەمانگۆڕێت تا بۆ ئەو بژین.

**لەگەڵ خودا قسە بکە**

بۆ دەربڕینی باوەڕ و تۆبەی خۆت قسە لەگەڵ خودا بکە. دەتوانیت لە خوارەوە نوێژێکی لەم شێوەیە لە دڵەوە بکەیت. گوتنی ئەم قسانە ناتکەنە باوەڕدار. بەڵکو بە سادەیی تەنها نموونەیەکە بۆ چۆنیەتی نوێژکردن و وەڵامدانەوەی بەخششی ڕزگاریی خودا.

ئەی خوایە گیان، دەزانم شایەنی ئەوە نیم ببمە ڕۆڵەی تۆ. من شایەنی دیاری ژیانی هەتاهەتایی تۆ نیم. من تاوانبارم و گوناهم لە دژی تۆ کردووە و فەرمانەکانی تۆم پشتگوێ خستووە. لێمخۆشبە. سوپاسگوزارم کە عیسات نارد بۆ ئەوەی لە پێناومدا بمرێت تا لێم خۆش بیت. سوپاس کە عیسا لە مردن هەستایەوە تا ژیانێکی نوێم پێ

ببەخشێت. تکایە لێم خۆشبە و دڵم بگۆڕە، تا لەگەڵ عیسا بژیم وەک پەروەردگارم. ئامین.

ئەگەر بڕیارت داوە تۆبە لە گوناهەکانت بکەیت و باوەڕ بە عیسا بهێنیت وەک پەروەردگار و ڕزگارکەرت، ئەوا بە ڕزگاربوونت شادبە. بزانە کە خودا نایەوێت تۆ وەک باوەڕدارێکی نهێنی و دوور لە باوەڕدارانی تر بژیت. ڕۆڵەکانی خودا خوشک و برای ڕۆحی یەکترن و بانگکراون بۆ ئەوەی وەک خێزانێکی خودا پێکەوە بژین. لێرەدا چەند شتێک دەخەینەڕوو کە پێویستە بیکەیت بۆ ئەوەی باوەڕەکەت پشتڕاستبکرێتەوە و یارمەتیت بدات کە چۆن وەک شوێنکەوتووێکی عیسا بژیت.



# ١٠. دواتر چی دێت؟

## ١. پەیوەندی بە کڵێسایەکەوە بکە

زۆر گرنگە کە پەیوەندیت بە کڵێسایەکی ئینجیلییەوە هەبێت و بە بەردەوامی لەگەڵیاندا کۆببیتەوە. کڵێسا بریتییە لە کۆبوونەوەی ئەو باوەڕدارانەی کە پابەندن بە یارمەتیدانی یەکتر تا بۆ مەسیح بژین. لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک کڵێسای ئینجیلی بە زمانی کوردی هەیە و دەتوانیت پەیوەندیان پێوە بکەیت. ئەو کڵێسایانە کراوەن و بە خۆشحاڵیەوە بەخێرهاتنت دەکەن. باوەڕدارانی کڵێسا دەبنە هاوڕێت و باوەڕت دووپات دەکەنەوە و یارمەتیت دەدەن کە چۆن وەک قوتابییەکی مەسیح گەشە بکەیت و بژیت.

دەزانم کە ڕەنگە متمانەکردن بە باوەڕدارانی تر قورس بێت، بەڵام عیسای پاشا فەرمانت پێدەکات هاوڕێی باوەڕدارانی تر بیت و پەیوەندیت لەگەڵ خوشک و برا ڕۆحییەکانت هەبێت لە کڵێسایەکدا. بیر لەوە بکەرەوە کە خەڵوزێک چی بەسەر دێت ئەگەر لە خەڵوزەکانی تری ناو ئاگرەکەدا دەربهێنرێت. گەرمیەکەی دەمرێت. بە هەمان شێوە باوەڕدارێک کە لە کڵێسا دابڕاوە، سارد دەبێتەوە. ئەوە بزانە کە ژیانی مەسیحیانە، ژیانێکی بە تەنیا و دابڕاوانە نییە لە باوەڕدارانی تر. خودا باوەڕدارانی تری خۆی پێبەخشیویت وەک خێزانێکی ڕۆحی نوێ بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن لەگەڵ مەسیحدا چەسپاو بمێنیتەوە. ئەم بەخششەی خودا ڕەت مەکەوە. بۆیە پەیوەندی بە کڵێسایەکەوە بکە.

هەندێک جار ئەو باوەڕدارانەی کە دەترسن لە کۆبوونەوە لەگەڵ کڵێسایەک دەڵێن، "دەتوانم تەنها لە ماڵەوە لەگەڵ کتێبی پیرۆزەکەم بمێنمەوە و خودا بپەرستم، و باوەڕەکەم بپارێزم. پێویست ناکات

پەیوەندیم بە کەسانی دیکەوە هەبێت." ئەمە ڕاست نییە. ئینجیل ڕێگە بەم شتە نادات. ئینجیل دەڵێت: "ئێوە ڕووناکی جیهانن، شارێک لەسەر شاخ دروستکرابێت ناتوانرێت بشاردرێتەوە. هەروەها خەڵکی چرا هەڵناکەن تاکو بیخەنە ژێر تەشتەوە، بەڵکو لەسەر چرادان دایدەنێن بۆ ئەوەی ڕووناکی بداتە هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەدان. بە هەمان شێوە، با ئێوەش ڕووناکیتان بۆ خەڵک بدرەوشێتەوە، تاکو کردارە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان بکەن کە لە ئاسمانە." (مەتا ٥: ١٤-١٦). ئێمەی باوەڕدار نامانەوێ ئەو ڕووناکیەی مەسیح کە تێماندایە، بشارینەوە.

هەروەها، مەسیح دەفەرموێ، "یەکتریتان خۆشبوێ. وەک خۆشمویستن، ئێوەش بەو جۆرە یەکتریتان خۆشبوێ. بەمە هەموو خەڵک دەزانن کە قوتابی منن، ئەگەر خۆشەویستیتان بۆ یەکتری هەبێت." ئەگەر بەڕاستی خودات خۆشدەوێت، دەبێت گەلی خوداشت خۆش بوێت. ئێمە ناتوانین خۆشەویستی خودا

لە خۆشەویستنی گەلی خودا، واتە کڵێسا، جیا بکەینەوە. چۆن دەتوانیت کڵێسات خۆشبوێت ئەگەر خۆت لە کڵێسا دووربخەیتەوە؟

لەوانەیە تۆ لە شارۆچکەیەکی بچووکدا بژیت، یان دۆخەکەت بە جۆرێک بێت کە دۆزینەوەی کڵێسا و بەشداریکردن بە بەردەوامی قورس بێت. بێ هیوا مەبە و مەهێڵە ئەوە هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی پەیوەندیت بە کڵێسایەکەوە نەبێت. هێشتا دەتوانیت پەیوەندیت بە کڵێسایەکەوە هەبێت تەنانەت ئەگەر نەتوانیت هەموو هەفتەیەکیش بچیت. ئەگەر لە شارۆچکەکەتدا کڵێسایەک نەبوو، یەک دوو مانگ جارێک بەشداری کۆبوونەوەی کڵێسایەک بکە لە شارێکی تر، ئەوە باشترە لە هیچ. تەنانەت خەڵکی ئەو کڵێسایەش دەتوانن جار جار بێنە سەردانت. ئەندامانی گەلی خودا نابێت تەنیا بن.

## ٢. کتێبی پیرۆز بخوێنەوە

کتێبی پیرۆز وشەکانی خودایە. بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز گوێمان لە دەنگی خودا دەبێت. ڕۆحی پیرۆز یارمەتیمان دەدات لە وشەکانی تێبگەین و لە ژیانماندا جێبەجێی بکەین. وشەی خودا ڕێنمایی باوەڕداران دەکات و لە گوناه دەیانپارێزێت. ڕۆژانە بەشێک لە کتێبی پیرۆز بخوێنەوە بۆ ئەوەی گوێ لە خودا بگریت و لەگەڵیدا گەشە بکەیت. هانت دەدەم بە خوێندنەوەی ئینجیلی لۆقا دەست پێ بکەیت. لەگەڵ باوەڕدارانی تر قسە بکە لەسەر ئەو بەشانەی کە دەیانخوێنیتەوە. باوەڕدارانی تر دەتوانن یارمەتیت بدەن لە کتێبی پیرۆز تێبگەیت و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەیت.

## ٣. نوێژ بکە

نوێژ تەنها قسەکردنە لەگەڵ خودا. مەرج نییە وشەکان زۆر تایبەت بن، یان لە شوێنێکی تایبەت بێت، یان لە کاتێکی دیاریکراو بێت. باوەڕداران پێویستە دڵی خۆیان بۆ خودا بڕێژن و لە ڕێگەی نوێژەوە لەسەر هەموو شتێک لەگەڵیدا قسە بکەن هەروەک چۆن منداڵ لەگەڵ باوکی قسە دەکات. لەکاتی نوێژکردندا پێویستە ستایشی خودا بکەیت لەسەر گەورەییەکەی، دان بە گوناهدا بنێیت و داوای لیخۆشبوون بکەیت، داوای دانایی و یارمەتی لێبکەیت لە ژیانت و لە ژیانی کەسانی تریشدا، هەروەها سوپاسی ئەو دیارییە باشانە بکەیت کە پێت دەبەخشێت.

# ١١. سەرچاوەی تر

ئەمە کتێبی پیرۆزە

بە زمانی کوردی




ئەمە فیلمی ژیانی

عیسای مەسیحە




دڵسۆزی



## ١٢. ئایەتی زیاتر بۆ ڕوونکردنەوە

ئەگەر پرسیارت هەیە یان دەتەوێت ڕوونکردنەوەی زیاترت دەستبکەوێت لەسەر هەندێک لە خاڵەکانی مزگێنی عیسا کە لەم نامیلکەیەدا باسکراون، لە خوارەوە چەند سەرچاوەیەکی ئایەتەکان هەن سەبارەت بە هەندێک پرس لە کتێبی پیرۆزدا. یانیش ئەگەر باوەڕداریت و دەتەوێ مزگێنی مەسیح ڕوون بکەیتەوە بۆ کەسێک بە شێوازی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لەگەڵی، دەتوانیت ئەم ئایەتانەی خوارەوە بەکار بهێنیت.

### ١. خودا - فەرمانڕەوا و بەدیهێنەری خۆشەویست

- پەیدابوون ١ -٢
- یەکەم پوختەی مێژوو ٢٩: ١١-١٢

## ٢. یاخیبوونمان لە خودا

- پەیدابوون ٣
- مەرقۆس ٧: ١٤-٢٢
- ئەفەسۆس ٢: ١-٣

## ٣. خودا - دادوەرە دادپەروەرەکە

- زەبوورەکان ٩: ٧-٨
- دووەم سالۆنیکی ١: ٥-١٠
- دووەم پەترۆس ٣: ٣-٧

## ٤. شەریعەت و ماندووبوونمان

- دەرچوون ٢٠: ١-٢١
- رۆما ٢: ١٢-١٦
- گەلاتیا ٢: ١٦-٢١ و ٣: ١٠-١١
- فیلیپی ٣: ١-١١
- دواوتار ٣٠: ١٥-٢٠

## ٥. عیسا - خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە

- یۆحەنا ٣: ١-٢١
- ڕۆما ٣: ٢١-٢٦
- ڕۆما ٥: ٦-١١

## ٦. عیسا زاڵبوو بەسەر گوناە و مردن

- لۆقا ٢٤
- یۆحەنا ١١: ٢٥-٢٦
- یەکەم سالۆنیکی ٤: ١٦-١٧

## ٧. دوو ڕێگاکە

- لۆقا ١٨: ٩-١٤
- لۆقا ١٤: ١٥-٣٥

## ٨. چۆن وەڵامی دیاری ڕزگاربوون بدەیتەوە

- لۆقا ١٥: ١١-٣٢
- ڕۆما ١٠: ٩-١٣

بۆ چ مەبەستێک دەژیت؟ بۆ پارە؟ بۆ ژیانێکی خۆش؟ بەڵام چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت؟ کاتێک بە دوای ژیانێکی ڕاستەقینە دەگەڕێیت تا نەدۆڕێیت، زۆر ماندوو دەبیت. ئەم ژیانە قورس و سەختە. وانیە؟ بەڵام هیوایەکمان هەیە. عیسا فەرمووی: "ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، وەرن بۆ لام، من دەتانحەسێنمەوە." ئەم کورتە ناملیکەیە باس لە مزگێنی عیسای مەسیح دەکات بەپێی کتێبی پیرۆز. ئەم مزگێنییە خۆشەی عیسا بۆ تۆیە.

جۆزێف کاڕۆڵ یەکێکە لە قەشەکانی کڵێسای ئیمانوێلی ئینجیلی لە هەولێر. ساڵانێکی زۆرە لە هەولێر دەژییێت لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی. دکتۆرای هەیە لە ئەندازیاری میکانیکی. چەندین ساڵ وەک مامۆستای زانکۆ کاری کردووە پێش ئەوەی کە ببێتە قەشە.

دابینکردنی سەرچاوە بۆ یارمەتیدانی
باوەڕداران و کڵێساکان بۆ ژیان بە دڵسۆزی
بەگوێرەی کتێبی پیرۆز

دڵسۆزی